

# گەنجەكان بۆ گەیشتن بە خەونەكانیان پەنا دەبەنە بەر فاڵچییەكان

## گەنجان جومگەی گورگ و ئەندامی مێیینەی كەمتیار بەكاردەهێنن لەو جادوانەدا كە بۆ گەیشتن بە حەزەكانیان دەیكەن

راپۆرتی فریاد ئەحمەد
كەركوك

● شێخ پۆلا هەرچەند ئێستا تەمەنی لە سەروو ٤٠ ساڵەوەیەو وازی لە كارەكەی هێناوە، بەلام بۆ ماوەیەكی درێژ خەریكی نوشتەكاری بووەو نوشتەی بۆ چەندین كورو كچ كردوە "تا بەیەكبگەن".

شێخ پۆلا ئاماژەی بەوەكرد چەندین جار (جومگەی گورگ‌و ئەندامی مێینەی كەمتیار)ی بەكارهێناوە بۆ راكێشانی ئافرەتان بەلای كوراندا، ئەو دەڵێت: "من چەندین ئیشی وام بۆ كوڕان كردووە، بەلام پێموتون نابێت مەشروب بخۆنەوە، كوڕان كە دێن؛ دەڵێن فالێكمان بۆ بكە، تا لەناو كۆمەڵگەدا خۆشەویست بین".

شێخ سالانێكی زۆر خەریكی ئەو جۆرە نوشتەیە بووە كە لەگەڵیدا ئەندامی مێینەی كەمتیار بەكاردەهێنرێت‌و لەناو خەڵكدا واباوە هەركەس ببێتە خاوەنی، دەتوانێت بە هەموو حەزەكانی بگات.

ئەو كابرایە كە بە شێخ پۆلا خۆی بە ئێمە ناساند، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەندێك لە

خەڵك نوشتە دەكەنو ئەوە بەكاردەهێنن بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ هەركەسێك كە بیانەوێت سێكس بكەن"، بەڵام شێخ پۆلا لەو باوەڕەدایە كە ئەوەش ماوەی دیاریكراوی هەیەو دوای ماوەیەك ئیتر فاڵەكە پوچدەبێتەوەو بەكارنایەت، هەروەها وتی: "دەتوانرێت لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر بگۆڕدرێتو وەك سەنەوی سەیارە وایە"، ئاماژەی بەوەش كرد كە هەندێ كەس ناتوانێت سوودی لێوەرگرێت، گەر بەناوی خۆشیەوە بێت "چونكە لەگەڵ ریزبەندی پیتەكانی (حروف الأبجدی) ناوەكە دادەنرێت، ئەگەر ناوەكە لەگەڵ (پیتە ئەبجەدییەكان) جووتبوو ئەوە سەد دەر سەد سەركەوتوو دەبێت، ئەگەرنا سەركەوتوو نابێت".

"یەكەمجارم بوو چوومە لای ئافرەتێكی جادووگەر بۆ ئەوەی جادووم بۆ بكاتو هیچ ئافرەتێك بۆ مومارەسەی سێكس رەتم نەكاتەوە، ئافرەتەكە پێیوتم جادوویەكت بۆ دەكەم هیچ مێینەیەك بۆ سێكسكردن لەگەڵت نەڵێت نا، هیچ قسەم نەكرد تا جادووەكەی بۆم تەواوكرد، كە تەواوبوو، یەكەم ئافرەت كە پێموت خودی ئافرەتە فاڵچییەكە بوو، وتم گەر فاڵەكەت راستە، خۆت وەرە سێكسم لەگەڵ بكە، كەچی هەر خۆی لەوێدا رەتیكردمەوە، منیش پێموت كەواتە جادووەكەت راست دەرنەچوو"، ئەمە سەرگوزشتەی دەوەنی تەمەن ٢١ ساڵە كە لە رێگەی فاڵو جادووو بەكارهێنانی (ئەندامی زاوزێی كەمتیاری مێینەوە) هەوڵی گەیشتن بە ئارەزووەكانی دەدات.

زۆر گەڕانی گەنجان بەدوای ئەندامی مێینەی كەمتیاردا وایكردووە كە گرانبێتو بەئاسانی دەستنەكەوێتو فاڵەكانیش بۆ ئەو مەبەستە گرانترین لە فاڵگرتنەوەی شتی ئاسایی وەك دەستكەوتی ماددیو حەزەكانی دیكە،
دەوەن دەڵێ: "بەهۆی زۆری كاریگەرییەكەیەوە بەئاسانی دەستناكەوێت"، ئەو دەیگێڕێتەوە كە بۆ یەكەمجار لە خزمێكی خۆیان ئەو ئەندامەی دەستكەوتووەو نرخێكی زۆر گرانی هەبووە كە خزمەكەیان بە (١٦٠٠٠) دیناری سویسری كڕیبووی".

بەڵام رەنگە زۆر كەسیش هەبن رایەكی تریان هەبێتو پێچەوانەی قسەكانی شێخ پۆلاو دەوەن بدوێن، جگە لەوەش هەندێ لایەنی جادوو هەیە تێكەڵە لەگەڵ كارەكانی زانستی پاراسایكۆلۆژی.

ئیبراهیم عەبدوڵای **٣٨** ساڵو خاوەنی **١٥** ساڵ ئەزموونی مەشقی كۆنفۆ لە هەردوو بواری دەروونیو جەستەییدا كە لە ئێران مەشقەكانی وەرگرتووە، ئاماژەی بەوەكرد "جادووگەرەكان بەهۆی مومارەسەكردنێكی زۆرەوە هەندێك شت فێربووبن لە زانستی رەوان"، هەروەها قسەی لە زۆرزانی فاڵچییەكان كرد كە "هەندێكجار بە فێڵێك قسەیەك لە زاری كەسەكەوە دەردێننو كەمێك دەیگۆڕنو رەنگێكی لێدەدەنو دوایی هەر بەو كەسەی دەفرۆشنەوە".

لەبارەی كاریگەریو بەكارهێنانی فاڵەوە ئیبراهیم دەڵێ: "ئەو كەسانەی پەنا بۆ فاڵو ئەندامی مێینەی كەمتیارو جومگەی گورگ دەبەن، كەسانێكن متمانەیان بە خۆیان نییەو نامۆن بە خودی خۆیان، كەسێك كە نەتوانێت خودێك بۆ خۆی دروستبكات، حەتمەن لە لایەنی دەروونییەوە زۆر لاوازەو مرۆڤی لاوازیش هەمیشە پەنا بۆ كەسێكی تر دەبات، بۆیە ئەوانە دەچنە لای فاڵچیو داوای یارمەتی دەكەن".

لەبارەی روانینی زانستییانەی زانستی پاراسایكۆلۆژی بۆ جادووو فاڵ، ئیبراهیم دەڵێ: "خوێندنەوەی فاڵ خوێندنەوەیەكی بێبنەمایە، بۆ نموونە ئەندامی مێینەی كەمتیارێك چی پێدەكرێت. تا تۆ متمانەی پێبكەیت"، بەڵام زانستی پاراسایكۆلۆژی بە وتەی ئیبراهیمی ئەزموونكار "هیپنۆتیزمو تەمەركوزو ...هتد، ئەوانە هەموو لێكدانەوەو دەرەنجامی زانستنو سەلمێنراون، چونكە هەر ئادەمیزادێك كۆمەڵێك شەپۆلی (سالبو موجەب)ی هەیە، ئەوانەی شارەزان دەتوانن بەهۆی بەكارهێنانی ئەو شەپۆلانەوە بەرامبەریان بخوێننەوە یان بیانخەوێنن".

ئیبراهیم باوەڕی وایە ئەوانەی خەریكی زانستی پاراسایكۆلۆژین نەك فاڵ، كەمتر زانستەكە بەكاردەبەن بۆ شتی نیازی خراپە "چونكە تا رادەیەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەكی مرۆڤایەتیو رۆحانی، جا ئەو كەسانەی بەناو جیهانی رۆحیانەتدا رۆدەچن، بەرەبەرە دەزانن مرۆڤ كێیە؟ بۆچی دروستبووە؟ لە كوێوە هاتووە؟ ئامانج چییە لە دروستبوونی؟ بۆ كوێ دەڕوات؟ لەبەرئەوە شارەزایانی رەوان (دەروون) سیفەتی مرۆڤایەتی لە ناخیاندا زیاترە لەو كەسانەی كە ئەو بابەتە فەرامۆشدەكەن".

زۆركات هۆكاری دەروونیو ئەنگێزەكانی ناو مرۆڤ فشارێكی زۆر دەخەنە سەر مرۆڤ بەتایبەت گەنجان، ئەمە جگە لەو نەریتە كۆمەڵایەتییانەی لە ناوچەیەكدا زاڵن، بۆ شیكردنەوەی لایەنی دەروونیو پەیوەستی فاڵو جادووو هۆكاری بەكارهێنانی لای گەنجان، مامۆستا ئاكۆ-ی توێژەری كۆمەڵایەتیو مامۆستای دەروونناسی لە پەیمانگای هونەرەجوانەكانی كەركوك پێیوایە "كاتێك مرۆڤ دەرگاكانی لەبەردەم دادەخرێت، پەنا بۆ ئەو شتە دەبات كە تۆزێك هیوای بداتێ، بۆیە پەنا بۆ ئەو شتە خەیاڵییەش دەبات"، لەبارەی راستیو دروستی دیاردەكەشەوە، مامۆستا ئاكۆ ئەمەی بە خەیاڵو وەهم وەسفكردو وتی: "دوورە لە راستییەوەو ئەو كەسانەی ئەم كردەیە ئەنجامدەدەن رەنگە خۆشیان قەناعەتیان پێی نەبێت"

ئەو توێژەرە كۆمەڵایەتییە لەسەر باوەڕەكانی خۆی دەدوێتو پێیوایە دیاردەی بەكارهێنانی ئەندامی مێینەی كەمتیارو جومگەی گورگو جادووگەریو ...هتد لە چەند وڵاتێكی پێشكەوتووی وەك ئیتالیاو فەرەنساو ئەڵمانیاشدا هەیە، لە دابونەریتی كۆمەڵایەتی زیاتر هیچی تر نییە، زیاتر لەناو گەنجاندا باوە، بەتایبەت كوڕان بۆ كۆكردنەوەی كچان لە دەوری خۆیانو سێكسكردن، ئەم رێگەیە دەگرنەبەر".